ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی هەڵگرت

ئەنجومەنی نوێنەران ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە دانیشتنی خۆی هەڵگرت.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەنجومەنی نوێنەران لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی یەکەمی کرد بە پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی کاری سندیکایی بە کرێکاران و فەرمانبەرانی پیشەیی لەعێراق، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی کرد بە پرۆژەیاسای ئەندامێتی کەماری عێراق لە پێوتەکۆلی کیغالی ساڵی 2016 هەمواری پێنجەمی پێتەکۆلی مونتریال دەربارەی ئومادداناڵی چینی ئەزۆن تێواودەکەن بە ساڵی 1987 کەپاشکەکراوە بە ڕێککەوتننامەی ڤیەننای ساڵی 1985.

وتیشی ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمیشی تێواوکرد بە پێشنیازی هەمواری سێیەمی یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی کە بەشێک لەجەستەیان لەدەستداوە لە کاتی ڕژەمی پێشووی لەناوچوو ژمارە 5 ی ساڵی 2009 ی هەموارکراو، ئاماژەشی بۆدا کە ئەنجومەن خوێندنەوەی یەکەمی کرد بە پێشنیازی هەمواری دووەمی یاسای دەزگای زیندانیە سیاسیەکانی ژمارە 4ی ساڵی 2006 ی هەموارکراو، ئاماژەشی بۆدا کە ئەنجومەن گفتووگۆی کرد دەربارەی یاسای هەمواری یەکەمی بنەماکانی یەکخستنی بەوانامکان و پلە زانستیەکانی عەرەبی وبیانی ژمارە 20 ی ساڵی 2020.